له ڕۆژنەی هەڵبژاردنەوە

## چی و کێ هەڵدەبژێرین؟!

هەڵبژاردن، پێشئەوەی کۆنسێپت یان تێرمێکی سیاسی بێت، چەمکێکی کۆمەڵایەتییە و سەروکاری لەگەڵ بوار و کایەکانی ژیانی (تاک) لە کۆمەڵگەی مۆدرندا هەیە. هەڵبژاردن، مانای مافی سەرپشکبوونی هاوڵاتییە لە وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی شتێک/ شتگەلێک کە پەیوندییان لەگەڵ ژیانی مادی و رۆحیی ئەودا هەیە. ساتێ دەڵێین: ئێمە مافی هەڵبژاردنمان هەیە، دەشێ لە هەمان چرکەساتدا، بیرۆکەی ڕەتکردنەوەش بە هزرماندا گوزەر بکات. بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە لە واقیعی ژیاندا، مانایەکی هەبێت، دەبێت زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێک (شتێک)، بۆ وەرگرتن یان وەلانان بوونی هەبێت...

منداڵەکەم تەمەنی شەش ساڵە و دەخوازم بینێرمە قوتابخانە. لەگەڕەکی ئێمەدا چوارقوتابخانە هەن. من مافی هەڵبژاردنی قوتابخانەیەک و ڕەتکردنەوەی سێ قوتابخانەم هەیە!. لە قوتابخانەیەکدا دوو پۆلی (یەک) هەیە. منداڵەکەم مافی هەڵبژاردنی پۆلێک و وەلانانی پۆلێکی هەیە. منداڵەکەم، ناتوانێت گۆشتی مەڕ بخوات!. ئەو دەکارێت لە نێوان گۆشتی مەڕ و ماسی و مریشکدا، گۆشتی مەڕ وەلانێت و مریشک و ماسی هەڵبژێرێت!. لە نەخۆشخانەکەی گەڕەکی ئێمەدا، هەشت پزیشک کار دەکەن. من مافی هەڵبژاردنی پزیشکێک و ڕەتکردنەوەی (حەوت) پزیشکم هەیە. من بۆ ئەوەی ڕۆژانە بچمە سەر کار، بە هەمان تێچوو (پارە)، دەتوانم لە نێوان پاس و ترامدا، یەکێکیان هەڵبژێرم. سەرەتاکانی هەڵبژاردن لێرەوە دەست پێ دەکەن، ئەوجا بە لوتکەی هەڵبژاردنەکانمان دەگەیەنن. گەرکمە بێژم: زنجیرەی هەڵبژاردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە (نەک پێچەوانە!)، خەسڵەتێکی بنچینەیی ژیانی دیموکراسییە و تۆش هەموو ئەو دێڕانەی نێوان دێڕەکان (کە پێوستی نەکردووە من بیاننووسم)، بخوێنەرەوە!.

**لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، چی و کێ هەڵدەبژێرین؟!...**

یەکلیستی، یەکدەنگی، یەک خیتابی سیاسی و یەک تێڕوانین بۆ ئاکتیڤکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان (نەک هەڵبژاردنەوەی)، بەرهەمی دانووستاندنەکانی هەردوو سەرکردایێتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. قسە لەسەر ئەوە نییە کە یەکرەنگی و یەکدەنگیی دوو حیزبی حوکمڕانی کوردستان و ڕەدووکەوتنی حیزبەکانی دیکەش بۆ ئەم دنیای بێدەنگی و تاکڕەنگییە، چەند لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد دا یەکدەگرێتەوە و بە قازانجیەتی، بەڵکە پرسەکە لێرەدایە: داخۆ ئەگەر شتێک بۆ هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوە لە ئارادا نەبێت، هەڵبژاردن جاڕی مەرگی خۆی نادات؟!. ئێمە، جگە لە لیستی یکگرتووی نیشتمانی، شتێکی دیکەمان بۆ هەڵبژاردن نییە!. کە وایە خودی هەڵبژاردن بوونی نییە...ئەگەر لە ماوەی ئەم مانگەدا، لیستێک یان چەند لیستێکی ڕکبەر، بەرانبەر لیستی

یەکگرتوو دەرنەکەون، ئەوا (هەڵبژاردن) بە (موبایەعە) یەکسان دەبێت و درووشمەکانی هەڵبژاردنیش دەبنە درووشمێکی گەورەی پڕ گاڵتەجاڕی: (ئەگەر کەروێشکت دەوێ، ئەوە کەروێشک.. ئەگەر ئاسکت دەوێ، ئەوە کەروێشک!... چ پەندێکی بێتام و سواوە!).

من، لە ژمارەی پێشووی هاوڵاتیدا و لە وتارێکدا، جەختم لەسەر پێویستیی یەکلیستیی یەکێتی و پارتی کردبوو، بەڵام هەرگیز پێم وانەبوو، کە ئەو یەکلیستییەی ئەوان هێندە گەورە دەبێت، تەواوی لیستەکانی دیکەش دەپێچێتەوە و پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو مانایەک دادەتەکێنێت!.

لە کۆبوونەوەی مێژوویی (پیرمام)دا، کورسییە تۆزلێنیشتووەکانی پەرلەمان، لە نوێڕا دابەش کرانەوە و ڕێژەی پشکەکانیش دیارن، بەڵام دانیشتووانی سەر کورسییەکان، نادیار!.

ئێمە وەک چانسی ئەوەمان نییە لیستێکی دڵخوازی خۆمان هەڵبژێرین، هەروا مافی ئەوەشمان نییە لە (لیستی یەکگرتوو)دا، کەسی دڵخوازی خۆمان هەڵبژێرین و بۆ سەر کورسییەکی بنێرین!. لیستەکان و کەسەکانی ناویان، کە دەبنە نوێنەرانی ئێمە لە پەرلەمان، حیزب هەڵیاندەبژێرن... حیزب، ئەو ئەرکە گرانەشی لە کۆڵی هاوڵاتی کردووەتەوە!. هاوڵاتی، مافی دەنگبەخشین و چەپڵەلێدانی هەیە و ئەمەش مافێکی گرنگە!. ئێمە، تا زەمەنێکی دیکەش بە قەدەری (حیزب) مەحکومین... تەنیا زەمەنێکە و هیچی تر!!.

پشکۆ نەجمەدین

سوید

2004 /12 / 4